# چاوخشاندنێکی خێرا بە سەر شانۆی سەر شەقامدا (ئالمان و ئەوروپا)



وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە:

**ئیسماعیل رەمەزانی**

لە سی ساڵی رابردوودا شانۆی سەر شەقام توانیویەتی لە وێنەی هونەرێکی سەربەخۆ گەشە بکات، شانۆی سەرشەقام ساڵانە هەزارەها کەس بەرەو لای خۆیدا رادەکێشێت.

ئەگەر ئەژماری بینەران لە هەر شانۆیەکی سەرشەقادا ٥٠٠٠، ١٠٠٠٠، ٣٠٠٠٠ کەس بێت، چشتێکی دوور لە باوەر نیە، بەو هۆیەی کە ئەم هونەرە شوینی پیشاندانەکەی دەگوازێتەوە بۆ ناو خەڵک.

شانۆی سەر شەقام زیندووترین و راستەقینەترین کولتوری دەربڕینی شارستانییە.

فورمی راستەقینەو دیموکراسیانەی ئەم هونەرە دەگوازرێتەوە بۆ ناو خەڵکی ئاسایی،تاکوو هەمووان دەستیان پێ رابگات.

کاتێکی زۆر بە سەر ئەو سەردەمەدا تێپەڕ بووە کە چیتر شانۆی سەرشەقام، جێگایک بێت بۆ نمایشی ئاکارە سەرسووڕ هێنەرەکانی سیرک لە وێنەی تەڕدەستەکان،ئاگرخۆرەکان، تەڵخەکەکان.

شانۆی سەرشەقام بوەتە میدیایەکی پرۆفشناڵ و داهێنەرانە کە بە پێوەندیە راستەوخۆکانیەوە دەتوانێت بینەر یان هەر تاکێکی کۆمەڵگا بە خۆیەوە سەرقاڵ کات و بێتە هۆی کاتارسیس(پاکژبوونەوەی دەروون) لە بینەردا، چونکوو ئەو (واتە شانۆی سەرشەقام) خاوەنی زمانێکی جیهانی بریتی لە وێنەکان و هەستەکانە...

هەموو جێگایەک بە هۆی ئەم جۆرە شانۆییە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت: کاتێک بینایەک دەبێت بە تەختی شانو و دیکۆرەکانی- شوێنی پیادەڕەو تێکڕا دەبن بە بازاری کڕین و فرۆشتن،یان شەقامێک بە حەزی ئەکتەرەکانی ئەم جۆرە شانۆییە و حەزی بینەرەکان دەگۆردرێت؛ بۆ وێنە ئەم شەقامە دەبێت بە ئاسمان.

شانۆی سەرشەقام بەردەوام لە وێنەی فۆرمێکە، و بە ئامانجێکی تایبەتەوە لە نێو ژیانی شارستانی یان لە شوێنگەلێکی گرنگ لە شارەکاندا پیشان دەدرێت و دەبێتە هۆی پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان شانۆکار و شارنشین، یان بۆ پێرەوێکی ئاسایی یان توریستێک دەبێتە هۆی ئەوەی، بە بینینی ئەم جۆرە شانوییە سەر شەقامەوە، شارنشینەکان و دۆخی ئەو شارە پڕ لە هەستە جوانیکان ناوزەد بکات، و تەنانەت خۆی تێکەڵ بەو هەستە جوانانە بکات.

زۆر سانا نیە، بتوانین چەمکێک لە ژێر نێوی شانۆی سەرشەقام یان ژانری پێوەندیدار بەو شانۆیە فورموولبەندی بکەین،چونکوو دەستەواژەی "شانۆی سەرشەقام " لە خۆیدا پارادۆکسێکە؛ شەقامەکان هێمایەکن لە هاتووچۆ،بەپەلەبوون و خێرایی، دەنگەدەنگی ماشینەکان، بەڵام هێمایەک بۆ کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆر نییە.

بەڵام شوێنی پێشکەش کردنی شانۆ، هۆڵێکی تایبەتە، بەو مانایە کە بۆ بینینی شانۆ بینایەکی تایبەت تەرخانکراوە؛ واتە شوێنیکی بێدەنگە، لەوانەیە لە رووناکییە جۆراو جۆرەکان کەڵک وەربگیردرێت، شوێنی دانیشتنی بۆ دابین کراوە،تەختی شانۆیی هەیە، لەوێدا شانۆیەک پێشکەش دەکرێت کە خەڵکی لێی تێدەگەن.

سەرەڕای ئەوەی کە جیهانی شانۆ بە پێی پێناسەی کلاسیک و خەڵکی، پارامێترگەڵیکی جیاوازی جووڵەیی لە گەڵ شانۆی سەرشاقامدا هەیە، بەڵام شانۆی سەرشەقام لە سەردەمەکانی پێشووتریشدا بوونی هەبووە، واتە لە وێنەی شێوازە جیاوازەکانی شانۆیی هاتوونەتە ئاراوە، لە وێنەی شانۆ ئایینیەکان، رووداوە نارِەزایەتییەکانی خەڵکی، رێپێوانەکان و تەنانەت شەڕی نێوانی چەند کەس، بۆ وێنە لە شەڕە جیهانیەکاندا خۆحەشاردان و خۆپاراستنی خەڵکی ئاسایی.

هونەرمەندەکانی شانۆی سەر شەقام توانایی ئەویان هەیە، هەر دەم، بە هەر شێوازێک کە دەخوازن، بینەر یان پێڕەو لە ژیانی رۆژانەیانەوە بەرەو دنیایەکی نۆی و پر لە فانتازیا بەرن.
شانۆی سەر شەقام دەڕواتە ناو دووکاندارەکان، بازاڕیەکان و هەموان و بە دوای بینەرەکانی خۆیدا دەگەرێت، بینەران خۆیان بە هاوبەشی ئەو روداوانە دەزانن کە بۆ شانۆکار رووی داوە، بە تایبەت لە یەکێک لە جۆرەکانی شانۆی سەر شەقامدا لە ژێر ناوی
„Walk–acts“

(لەم جۆرە شانۆی سەرشەقامەدا، لە نێوان بینەرو و هونەرمەندندا جگە لە پێوەندی بە هۆی ئازارە هاوبەشەکانیانەوە، پێوەندیگەلێکی دیکەش بوونی هەیە، واتە هەم بینەر و هەم شانۆکار، خۆیان لە سەر تەختی شانۆیەکی هاوبەشدا دەبینن، ئەمە بەو مانایە کە بینەریش بەشێک لە شانۆکەیە، واتە بینەر هەم دەتوانێت رۆڵی ئەکتەر بگێڕێت هەم دەتوانێت دەرهێنەر بێت...).

لە شانۆی سەرشەقامدا بە ناچار، زمان لە رووی گرنگایەتییەوە دەخرێتە پلەی دووهەمەوە،هەڵبەت ئەمە بەو مانایە کو شانۆکار و بینەر بۆ ئەوەی باشتر لە خۆیان تێبگەن زمانێکی تایبەت دەخوڵقینن ،زمانێکی هێمایین و جەستەیی ،کە بینەر و شانۆکار دەتوانن بەو زمانە پێکەوە پێوەندی بگرن، را دەربڕن،جیاواز بن؛ ئەم جیاواز بوونە بەو مانایە نییە کە دەبێت بینەر زمانێکی تایبەت بزانێت،چونکوو پێویستی نییە، ئەم زمانە بریتیە لە زمانێکی دەربڕینی شانۆی جهانی، واتە بۆ هەمووان روون و ئاشکرایە و پێویستیش بە زانینی زمانێکی تایبەت نییە.

بەڵام زۆر جار ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، بۆچی هونەرمەند دێت و ئەو هۆڵە خۆشانەی شانۆ بەجێدەهێڵێت؟

بۆ نموونە خۆی گیرۆدەی هەوا ساردو و نالەبارەکەی ناو شەقامەکانی ئاڵمان دەکات و لە سەر شەقامەکاندا دەست بە درووستکردنی شانۆ دەکات؟

دامەزرێنەری گرووپی شانۆی "تیتانیک"، کلایر هۆڤێلز باس لەسەر ئەزموونەکانی خۆی کە لە ماوە ١٠ ساڵدا لە سەر شانۆی سەرشەقامدا کۆیکردوەتەوە دەڵێت: کەش و هەوای شەو زۆر سەرەنج راکێشە، ئێمە توانیمان بە هۆی شانۆی سەر شەقام زۆرێک لە مرۆڤە جۆراوجۆرەکان بناسین کە ئەوان پێیان خۆش نەبوو تەنانەت برۆن سەیری شانۆیەک بکەن، یان ببن بە بینەری شانۆیەک. ئامانجی شانۆی تیتانیک پێک هێنانی شانۆ بۆ هەموانە ،بە لە بەر چاو نەگرتنی چینە کۆمەڵایەتیەکان ،یان جێگا و ئاستی تاقمێکی تایبەت لە کۆمەڵگادا.

پێشکەشکاری شانۆ لە سەر شەقامدا،دەهێڵێت کە هونەرمەند یان بەرهەمی شانۆیی تەنانەت شەقامەکان بتەقێنێتەوە ،بەو مانایە ئەو جۆرە کە دەیهەوێت بیگۆڕێت.

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی شانۆی سەرشەقام ئەوەیە، بۆ وێنە هونەرمەند دەتوانێت بە کەڵک وەرگرتن لە ئێفێکتەکان؛ ئاگر، سوتان یا تیاچوونی چشتە گەورەکان بەو جۆر و شێوازە کە پێویستە پیشانی بینەر بدات.

ئەوەی کە شانۆ لە سەر شەقامەکاندایە، نابێتە هۆی ئەوەی هونەرمەند دەرفەتی فانتازیاگەری لە دەست بدات،بەڵکوو شانۆکار دەتوانێت، شەقامەکان بکاتە چۆمێک یان رۆخانەیەک یان بینایەکی بەرز و رۆڵی خۆی تێیاندا بگێرێت ،ئەو تایبەتمەندیانەی ئەم جۆرە شانۆییە هونەرمەند هان دەدات کە بەرهەمەمەکانی خۆی بە گوڕتر لە سەر شەقامەکاندا درووست بکات.

"مەنفرێد بایل هارتز" بەرێوبەری یەکەمی پێشووی فستیڤاڵی
„Bonner Biennale“
شێوازی شانۆیی گرووپی تیتانیک دەبینێت و شانۆکانی ئەم گرووپە زۆر کاریگەری بە سەریەوە دادەنێن، ئەو ئەزموونە جیاوازانەی "شانۆکارانی تیتانیک " وا دەکات کە بە شانۆنەمەیەک بە ناوی
" Titanic"
بۆ دووهەمین فستیڤاڵ بانگهێشت بکرێن.

شانۆی تیتانیک توانی لەو فستیڤاڵەدا باشترین خەڵات (خەڵاتی بیتیڤ) وەربگرێت کە مەنفرێد هارتز سەبارەت بەو شانۆیە هەستەکانی خۆی ئاوەها دەربڕی: پیشاندانی شانۆی تیتانیک ،بەرهەمێکی هونەری هەمووانە، ئەم گرووپە کار بە سەر هێما وێنەیەکانەوە دەکەن.
لە شانۆی ئەم گرووپەدا مەتریاڵەکان،رووناکیەکان ،ئاگر و ئاو هەر ئەو رۆڵە دەگێرن کە مۆسیقا ئەکتەر،سەماکەر لە سەمای بالەدا،پانتۆمیم لە شانۆکانیتردا دەیگێرێت.

ئەم جۆرە شانۆییەهێمایەک بوو بۆ "دەرچوون لە گرێدراوی و ژێردەستە بوون" لە هەموو فوورمە بێژەییەکان و وانەبێژیەکانی شانۆ، و هەروەها هاوکاتیش فۆرمێک بوو بۆ باشتر بەیەکەبوون.
هارتز دواتر باسەکە دەباتە سەر ئەوی کە کاریگەری و ئەفسوونی ئەم جۆرە شانۆییە سەر شەقامە چۆنگۆڕانێک لە مێشکی بینەردا بەجێ دەهێڵێت.

مێژوونووسەکان دەڵین کە ڕێورەسمە ئایینیەکان و کارنەواڵ بە ناوبانگتیرین و کۆنترین جۆرەکانی شانۆی سەرشەقامن.

دەسپێک و بەرو پێشەوە چوونی شانۆی سەر شەقام بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٣٠٠ی پێش زایین، بە گواستنەوەی شانۆوە دەست پێ دەکات

(مەبەست ئەوەیەکە تەختەی شانۆ دەگواسترێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە واتە شانۆت گەرۆک)

هەرچەند هەتاکوو دەستپێکی شانۆ وەکوو پیشە یان شانۆی پرۆفشناڵ لە ئۆروپادا لە سەدی ١٦ و ١٧دا ،شانۆی گەرۆک بەرچاوترین فۆرمی شانۆ بووە.

بە دەستپێکردنی سەدەی ١٩ و پێناسەیەکی نوێ بۆ شانۆ، شانۆ بە زۆری دەچێتە ناو هۆڵەکانی شانۆوە، بەم جۆرە شانۆی گەرۆک لە پێ دەکەوێت، و کۆتایی پیدەێت.

لە ساڵەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠دا جۆرێکی نوێ لە شانۆ بە هۆی ئاکامی بزووتنەوەی سیاسی "ئاگیت پرۆپ" دەست پێدەکات، لە کاتی کۆماری وایماردا
" Weimarer Republik" ،

لە سەردەمەدا جۆرگەلێکی نوێ لە شانۆی سەرشەقام سەبارەت بزووتنەوەی کرێکاری بوونی هەبووە.

لە کاتی دەسەڵاتی کۆماری وایماردا، کرێکارە کمونیستیەکان بە پێی یاسای یەکیەتی سۆڤیەت شانۆگەلێکی ئەزموونیان لە شیوازی بزووتنەوە، سکێچ (جۆرێک لە شانۆی کۆمیدیایە) یان شانۆگەلێکی سەرقاڵکەریان لە ناو خەڵکدا و لە سەر شەقام و جێی کۆبوونەوە خەڵکیەکاندا پیشاندەدا.

هەروەها بە هۆی بزووتنەوەی خوێندکاران لە ٦٠کاندا و سیاسی بونەوەی کۆمەڵگا، شانۆ و دیسیپلینە جۆراوجۆرەکانی هونەر گۆرانیان بە سەردا دێت و سنوورە ئایینیەکانی نێوان ژانرەکان تێکڕا تیدا دەچن.

شانۆ سەرشەقامەکانی بزووتنەوەی ٦٧-٦٨ حەزێکی رۆشنبیرانەی سیاسی لە پشتەوە بوو کە لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی چالاکییە نهێنیەکانی نیویۆرکدا بوو، ئەمە دڵگەرمییەک بوو بۆ شانۆی سەرشەقامی ئاڵمان و ئامریکا بە تایبەت بۆ گرووپە ئامریکاییەکان لە ژێر ناوی : "نان و بووکڵە" و "سان فرانسیسکۆ میمە ترۆپ".

شانۆی سەر شەقامی ئەوروپا و جوانیناسیەکەی لە تەواوی جۆرەکاندا کاریگەری بزووتنەوەی خوێندکارانی لە سەر بوو، لە ٧٠کاندا شانۆی سەر شەقام لە ئاڵماندا مانا و بۆنی سیاسی خۆی دەگۆرێت، بەڵام بزووتنەوە نوێ و ئازادەکانی شانۆیی لە ئاڵماندا هەر بوونیان هەبوو و درێژەیاندا بە پێشکەوتنی جوانیناسییەکی نوێ لە ئەم جۆرە شانۆییە، کە تائێستاش بۆنی هەبووە هەر بەردەوامە.

سرچاوە:

http://iramazani.blogspot.com/